# شیلانی هونەرمەند

## ئاواتەخوازم رۆژێ کۆنسێرتێك لە باشوور سازبکەم

شیلانی هونەرمەند لەباکوری کوردستاندا چاوی بۆ ژیان کردۆتەوە، ماوەی شانزە ساڵە لەوڵاتی سویدا دەژی. دەنگێکی خۆش و تایبەتی هەیە، شارەزاییەکی باشی لەگۆرانی کوردیدا هەیە، تا ئێستا چەندین بەرهەمی بڵاوکردۆتەوەو لەئاهەنگو یادە کوردیەکاندا بەشداری کردووە. جگە لەگۆرانی گوتن وەك هونەرمەندێکی بواری ئارایش (مکیاژ) کار دەکات. بۆ ئاشنا کردنی بە خوێنەرانی (رۆژی گەل) بە پێویستمان زانی لەنزیکەوە بیدوێنین.

**پرسیار: شیلان چۆن لەگۆرانی کوردی دەروانیٚ؟**

وەڵام: لەگۆرانی کوردیدا ئەدەبیاتێکی خورت هەیە. ئەمەش بە دەوڵەمەندی زمانی کوردیەوە گرێدراوە. ئەم زمانە شیرینو پاراوە لەمەقامی کوردیدا کە تایبەتمەندی خۆی هەیە یەکسەر کاریگەری لە هەستی مرۆڤ دەکات، بێگومان وەك هەموو نەتەوەکانی دیکە ئێمە بە قۆناغێکدا تێپەڕ دەبین، من هیوادارم کە ئیتر ئێمە نەوەی نویٚ موزیکی خۆمان بەرەو پێشەوە ببەینو موزیکی کوردی بگەینبنە ئاستی موزیکی نێونەتەوەیی.



**پرسیار: یەکەمین ستران کامەبوو کە شیلانی ناساند؟**

وەڵام: هێسریٚ چاڤیٚ من دیسا دبارە، دەردیٚ من کوردستانە وەخت دەرباس نابی.

**پرسیار: تا ئەمڕۆ شیلان چەند گۆرانی تۆمار کراوی هەیە؟**

وەڵام: من بۆخۆم ئاواز دانەرنیم تاکو گۆرانی دروست بکەم، تا ئەمڕۆ تەنیا گۆرانیەك لەئاوازی خۆمم هەبوو، بەڵام ئیدی چەند سترانی تایبەتی خۆم هەن کە لەسیدی دووەمینی مندا بڵاودەکرێنەوە.

**پرسیار: چ هاوسەنگیەك لەنێوان سترانی کوردیو بیانیدا هەیە؟**

وەڵام: سترانی کوردی بۆخۆی تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام ئەگەر ئێمە بڵێین موزیکی بیانی نزیکایەتی لەگەڵ موزیکی کوردی داهەیە، من دەڵێم: راپ و هەندێك سترانی کوردی لەجۆری بلوەس نزیکن.

**پرسیار: رۆڵی بنەماڵەی شیلان لەسەر کەسایەتیو هونەری ئەو چییە؟**

وەڵام: حەز کردنو مەیلی من بۆ موزیکی کوردی لەبنەماڵەکەمەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەوان گوێگرو ئاشقی کوردین. لەبواری ئەرشیف کردنو بە دواگەڕانی گۆرانی موزیکی کوردیدا باوکمو دایکم زۆر هاوکاری منیان کردووە. دەتوانم بڵێم کە ئیتر من ئەڤینداری موزیکی کوردیمە، بە ئارامیو بە هەنگاوی شێلگیرانە لە ئارمانجی خۆم نزیك دەکەمەوە، ئارمانجی منیش ئەوەیە کە بتوانم بە رێکوپێکی نوێنەرایەتی چاندو فەرهەنگی نەتەوەکەم بکەمو بەباشی پێشانی جیهانی بدەم.

**پرسیار: تێکەڵاوی شیلان لەگەڵ گۆرانیبێژانی دیکەی کورد چییە؟**

وەڵام: بێگومان من پەیوەندیم لەگەڵ هەندیٚ هونەرمەندی کوردی هەیە. بەڵام پەیوەندی من لەگەڵ موزیکزانو هونەرمەندانی بواری موزیك لەپێشترە. پێویستە هونەرمەندانی کورد زیاتر لەیەکتر نزیك ببنەوەو پشتگیری یەکتر بکەن، ئێمە دەتوانین بەیەکەوە هەم ڕاژەی زمانو فەرهەنگی خۆمان بکەینو هەمیش خۆمان رێکخراو (ئۆرگانیزە) بکەین.

**پرسیار: ئاواتەکانت چین؟**

وەڵام: ئاواتەخوازم کە رۆژێك بتوانم سەردانی باشووری کوردستان بکەمو کۆنسێرتێك بۆ هاوزمانو هاورەگەزانی خۆم سازبکەم.

www.silan.se

---



## ئایرۆنی

جەبار سابیر

## بەڕێوەبەر و مەسئول

ساڵی نەوەدو یەك کەڕاپەڕین رویدا خوێندکاری ناوەندی بووم، بەڕێوەبەرێکمان هەبوو زۆر دڕندەو دەمپیس، لەهەموو شتێك دەچوو لەمامۆستاو بەڕێوەبەر نەبێت، هەمیشە ناسکترین قسەی جنێو بوو، سەرباری هەموو ئەو کەمو کورپیانەش بەعسییەکی مونحەت بوو، لەهەموو بەهایەکی کوردی شۆرابۆوەو ئاهێکی تێدانەمابوو. کەچی دوای کۆڕەو کەهاتینەوە ناوشار رۆژێك ئەو مامۆستا یاخود ئەو بەڕێوەبەرە ناموبارەکەم بینی لەکۆڵانی پشتی دەبۆکە کەئێستا هەمووی پێڵاو فرۆشە، ئەو کات پڕبوو لەلیگاو چیو هەر یەکەو پەرداخێکی ستیلی پێبوو لیگاوی دەکرد، هەڵبەت لیگاو یەکێکە لەناشیرینترین جۆرەکانی قومار، کەچی ئەو بەڕێوەبەرەی ناوەندییەکەی من پەرداخێکی پێبوو لیگاوی دەکرد، ئەو وەختە تێگەیشتم کەبۆچی ناوەندییەکەی ئێمە فاشلترین ناوەندی بوو لەسەر ئاستی سلێمانی، تۆ بەڕێوەبەرەکەت لیگاو چی بێت هەڵبەت خۆشت یاماستاو چی یاخود عەرەبان چیت لێدەر دەچێتو نابیتە شتێك هەم کۆمەڵگە هەم دایكو باوکت شانازیت پێوە بکەن.

دەکریٚ بڵێین ئەوە بە رئەنجامی فکری بەعس بوو، پەروەردەی ئەو وایکردبوو بەڕێوەبەرێکی ناوەندی واتا کەسێك کەلەسلکی پەروەردەدا بێت ببێتە لیگاو چیو بەپەرداخێکەوە کۆڵانە پڕ عەیبو عارەکانی ئەو سای ئەم شارە بگەڕێتو هاوکوفی خۆی بدۆزێتەوە. بەڵام ئەی تۆ بڵێی مەسئولە قومارچییەکانی ئێمە کەرۆژانێك بەو شاخەوە بوونو بەعس بەو دڕەندەییەی خۆیەوە لێیان تۆقیبوو، کیٚ پەروەردەی کردبنو چۆن پەروەردە کرابن؟ تۆبڵێی لەو شاخو داخەو لەژێر گرمەو ناڵەی تۆپو هاوەندا قوماریان کردبێتو چەشنی بەڕێوەبەرەکەی من بەپەرداخێکەوە گوند بەگوند گەڕابن لیگاویان کردبێت؟ ئەمانە تەنیا پرسیارن، بەڵام ئەوەش دەزانین کە لەم ماوەیەدا بەرپرسێکی باڵای حزبێك لەقومارێکی شەوانەدا کە لەماڵە مەسئولێکی تر کراوە نزیکەی (یازدە) دەفتەر دۆلاری دۆڕاندووەو دواتر وتوێتی جا ئەوە چییە خۆ ئەم پارەیە لەبەغدادەوە هاتووەو هی ئەم میللەتە نییە. راستەکات شارەوانی سلێمانی دەڵیٚ ناتوانین لەسەد هەزار زیاتر بدەینە کارگوزارەکانمان بۆیە نایکەنو شارەکەمان خەریکە بۆگەن بێتو لەبەغدادیشەوە موچەکەیان بۆ زیادناکەن، لەبەغدادەوە موچە دەنێرن مەسئولەکانمان قوماری پێبکەن، بەڵام ناینێرن بۆ کارگوزارێکی شارەوانی.

سەردەمی شۆڕشی شاخ مەسئولی کورد راوە بەعسیو جاشی دەکردوو لەسەر بەردی رەق دەنوستو ئاسمانی دەدا بەخۆیدا، سەیری ئەو رۆمانسییەتە، کەچی ئێستا راوە ژنو راوە کچو راوە دۆلار دەکاتو لەسەر سکی برسی ئەم خەڵکە دەخەوێتو سەروەتی کورد دەدا بەخۆیداو بەوەشەوە ناوەستیٚو بۆ کات بەسەربردنی شەوانە خویان داوەتە قومارو بەدەفتەریش نەبێت یاری ناکەن. ئێرە وڵاتی قۆنتەرات چییانە بیگە ریٚ نەما.

---

## ئاوێزان بوونی عەشقو هونەر لەسلێمانی

لە کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی ٨/٢/ ٢٠٠٦ بە ناونیشانی (ئاوێزان بوونی عەشقو هونەر) گەلەری هونەری بابان لە سلێمانی پێشانگای هاوبەشی بۆ هەردوو هونەرمەند (خالید رەشید ـ هەیفا روبەیعی) کردووە، پێشانگاکەی هونەرمەندان (١٥) تابلۆی لەخۆ گرتبوو کە گوزارشتی تابلۆکان گەڕانەوە بوو بۆ مێژووی مرۆڤو چیرۆکە ئایینیەکان. خالید رەشید خاوەنی (١٦) پێشانگای هاوبەشو (٥) پێشانگای تایبەتە، هەیفا روبەیعیش خاوەنی (١١) پێشانگای هاوبەشو (٤) پێشانگای تایبەت.

ئا/ رۆژی گەل

## خواردنەوەی پەرداخێك شیر

لێکۆڵەرەوان و توێژەرەوانی خۆراك، بۆ پاك کردنەوەی خوێنو حەوانەوەی باری دەروونی شیر بەکاردەهێنن. بەکارهێنانی شیر ئەبێتە هۆی کەم کردنەوەی شڵەژانی باری دەروونیو هەست کردن بە ئارامیو حەوانەوەو سەلامەتی لاشەییو جەستەیی.

هەموو شەوێك پێش نووستن خواردنەوەی پەرداخێك شیری ئامادەکراو ئەبێتە هۆی بەخشینی هێمنیو ئارامی بە جەستەو دەروونمان.

وەرگێرانی لەفارسیەوە:
تەها ئەبوبەکر محەمەد

## ڤیستیڤاڵی سامپا





بۆتە نەرێتی بەرازیلیەکان، هەموو ساڵێك لە ٢٥ ی‌شوباتدا ڤیستیڤاڵی ریۆدی ژانیرۆ بەرێوەدەبەن. وێرای ئەوەی خەڵکی بەرازیل چێژ لەم ڤێستیڤاڵە وەردەگرن، هەزاران گەشتیاری بیانیش بەم بۆنەیەوە بەرەو بەرازیل دەرۆنو بەشداری تێدا دەکەن. ساڵانە بەر لەهاتنی مانگی شوبات هەزاران بەرازیلی خۆیانی بۆ ئامادە دەکەن، کەلوپەلی پێویستو عەرەبانەی تایبەت بۆ ڤێستیڤاڵەکە دروست دەکەن

## بەم زوانە گێلە پیاو دەبینن

زنجیرە درامای (گێلەپیاو) لە نوسینی (عەزیز نەسین)و لەدەرهێنانی هونەرمەند (نیاز لەتیف)ە ، بەم دواییە دەستی بە کاری وێنەگرتن کردووە. ئەم درامایە (٣٠) زنجیرەیەو سیناریۆو حیواری کۆچکردوو (نەوزاد حارس)ە، (پێشەوا تەیبو هێڤی عەزین) وێنەیان گرتووە، هونەرمەندی بەتوانا (ئەرسەلان دەروێش) رۆڵی گێلەپیاو دەبینێت. هونەرمەندان (مستەفا ئەحمەد، عومەر کەریم ئاغا، یاسین قادر بەرزنجی، روبار ئەحمەد، مۆفەق عارف لهۆنی، شیروان عزەت، هیوا رەئوف، ئازاد سەوزە، بەهادین عازەبانی، کەمال دلشاد، بان غازی، لەنجە، بەهادین هەڵەبجەیی)و چەندین ئەکتەری تر بەشداری ئەم زنجیرە درامایە دەکەن. لە لێدوانێکدا دەرهێنەر سوپاسی بۆ هەریەك لە عەمید قارەمان، شێخ دلێر شێخ مستەفاو ئاوایی شێخ مستەفا و هەفتەنامەی رۆژی گەلی کرد.

ئا/ ب. ڤانیا

## بۆچی دایك لەدوای منداڵبوون تووشی خەمۆکی دەبێت؟!

پرسیارێکی سەرسوڕهێنەرە ..! ،دەمێکە لەلایەن زاناو دەروونناسە بەناوبانگەکانەوە جێگەی باسو لێکۆڵینەوەیە، بەتایبەتی لەو کاتەوەی( فرۆید) وانەی توێژینەوەی خستە ناو زانستە مرۆڤایەتیەکانەوە، بەڵام ژنە زاناو کۆمەڵناسی بەریتانی (ئانا وکنی) دوای چەندین لێکۆڵینەوەو تاقیکردنەوە گەیشتە دەرئەنجامێکی سەرسوڕهێنەر، تیایدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ئەو خەمۆکییەی تووشی دایك دەبێت لەدوای منداڵبوون ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە گرنگیەکی زیاد لەپێویست لەلایەن ئەندامانی خێزانەکەوە بە نەوزادەکە دەدرێت، تا



رادەیەکیش دایکەکە پشت گویٚ دەخرێت، گەرچی ئەو ئەو هەموو ئازارو نارەحتیەی کێشاوە تا بوونی خۆی بسەلمێنیٚو ئەندامێکی نویٚ بۆ خێزانەکەی زیاد بکا، هەروەها ئەم خانمە زاناو کۆمەڵناسە دەڵیٚ: باشتر وایە دایکەکان لەکاتی دوای منداڵبووندا هیچ جۆرە حەبو دەرمانێکی ئازار شکێن بە کار نەهێنن تا بە شێوەیەکی سروشتی بوونی خۆیان بسەلمێنن. باشتر وایە خۆیان نەکەن بە ئامێرێك بە دەستی پزیشکەکانەوە، هەروەها ئەم خانمە داوا لەپیاوان دەکات کە لەژووری منداڵبوونەکەدا لەپەنای هاوسەرەکانیانەوە بمێننەوە ، ئەمەش بۆ ئەوەی دایکەکە هەست بەوەبکات بەو منداڵ بوونە خۆشەویستیەکەی لەلایەن مێردەکەیەوە گەورەتر بووە.

ئا/ کەلسوم

## راپرسیەکی سەیر

پزیشکێکیڕووسی لەراپرسیەکیدا ئەم پرسیارەی ئاراستەی (٣٠) هەزار ئافرەت کرد" (ئەگەر تۆ بگەڕێیتەوە بۆ قۆناغی بەر لەشووکردنت، ئایا دووبارە شوو بە مێردەکەت دەکەیتەوە؟). ئەنجام ٩٠٪ ی ئافرەتەکان وەڵامیان بەڵیٚ بوو. بەڵام کاتی هەمان پرسیاری ئاراستەی (٣٠) هەزار پیاو کرد هەموویان لەوەڵامدا وتیان: تۆبە!.

## حاڵۆ ئەواکس دەڵیٚ

* لەلایەکەوە رێپێوان لەدژی ئەو قایمقامە دەکەنو داوای گۆڕینی دەکەنو بڕیاری لادانی بۆ دەردەکەن لەلایەکی دیکەوە ئیمزای بۆ کۆدەکەنەوەو پێشنیازی مانەوەی بۆدەکەن. ئەو وەك رێژەی نەگۆڕ وایە، رێپێوان کرا هەر رێگەی ناو شارەکەی چاك نەکرد، بڕیاری لادانی دەرچوو هەر رێگەکەی چاك نەکرد، لەوانەیە ئەگەر بشمێنێتەوە هەر رێگەکە چاك نەکاتەوە!.

* لێژنەی چاودێریکردنی نەخۆشی ئینفلەوەنزە بەبەرچاوی کامێراوە گۆشتی مریشکیان دەخواردو رایاندەگەیاند کە لەکێڵگەکانی پەلەوەر، ئینفلەوەنزە نەدۆزراوەتەوەو ئەو نەخۆشیە لەکێڵگەکانی کوردستاندا هەرنییە، جا نازانم ئینفلەوەنزەی باڵندە لەکوردستاندا هەرنەبووە یان دەم چەورکردن نەخۆشیەکەی ڕاوناوەو قەلاچۆی کردووە؟!.

* دەگوترا چونکە کەسێك بۆ پۆستی جێگری ئەنجومەنی وەزیران دەستنیشان نەکراوە بۆیە حکومەتی یەکگرتووی هەرێم پێکنایەت، بەڵام شوکر بەرێزێك دەستنیشان کراو رۆژنامەکانیش بڵاویان کردەوە، جا با بزانین کەی رادەسپێردرێنو کەنگیش کابینەی نویٚ رادەگەیەنریٚ!.

* بەعسییێکی کۆن خانووێکی لێسەندرابۆوە، بۆیان گەڕاندەوە. سەرۆك جاشێکی دێرین بیٚ پاسەوان مابۆوە، پاسەوانە کۆنەکانیان بۆ گێڕایەوە، بەڵام ئەو زەویانەی لەبنەماڵەی شەهیدەکانی سەنگەر گلادرابوونەوە، هەر نەدرانەوە!.

* ئەوانەی سەدان گوندیان رووخاند ئازادانە دەسوڕێنەوە. ئەوانەی دەیان پێشمەرگەی قارەمانیان بە شەهیدکردن داو تەسلیم بە دوژمنیان کردنەوە، ئازادانە هاتووچۆ دەکەن، بەڵام ئەوانەی دوو دێڕیان بە ئازادی نووسیووە یان گیراون یان خۆیان شاردۆتەوە.


ROJI GEL

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK

Mob:07701398499 07301191497

پێگەی ئینتەرنێتی
www.rojigel.tk
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی
rojigel@hotmail.com
rpk93@hotmail.com